# کۆپلەگەلێك لە شیعری هەندرێن



لە ناوەکەمدا: منداڵییەکی لەدایکنەبوو،

لێ بە گ...مە.

گەنجایەتییەکی گەمارۆدراو، لێ بە جمە؛

پێشمەرگایەتییەکی بێ پێناسە، لێ شکۆ... مەند

کۆچەرایەتییەکی راونراو، لێ پەن... هان

تاراوگەیەکی لە دارستاننیشینکراو، لێ پڕ لە مامزی ژ... نان

هەنووکەیەکی پەرۆشتر، لێ بە چرپەتر لە با... ران...

هەر هەموو لە ناوەما را... ساون

❊❊❊

ناوەکەم: پەیڤینم؛

شوێن

گەل؛

شوێن...

کات،

لەسەر ترۆپکی چیایەکدا،

وەک دەریاچەیەک لە پیتی پەنگخواردوو،

لەبن مانگێکدا چڕ دەبنەوە؛


رەگەکانت؛ ناوە... کەت:

دەهۆننەوە.

❊❊❊

له ناوەکەمدا: بێدەنگی؛
ڕۆچوونێک،
له ماڵی دوورگەیەک له ڕەنگی تەنیایی،
شوێنی له دایکبوونێکت دەخەملێ:
به سرووشتی ئەم منه.

***



ناوەکەم: شەبەنگی؛
شەپۆڵدار،
له بناری ڕێگای کاکێشانەوه
له زەوی دەڕوانێ و
یادەوەری و نامۆیی لێکترازاو؛ لەوێوه تا ئێره،
لەگەڵ خوددا ئاشتدەکاتەوه:
ئەوکاته هەندرێنی دەنوێنی.

***

له ناوەکەمدا: له پاکییەتیی ناومرا؛
له خیانەتی ناومرا
ڕووەو: منداڵی؛
گەنجایەتی؛
پێشەمەرگایەتی؛
تاراوگە؛
هەنووکەدا،
وەستا... وم.

***

لەناوەکمرا: باڵگەلی پەیڤەکان؛
کۆچگەلی ناوەکی،
ئاورێکی لەسەر سەربانی هاوینییه.
ها ئەوه ڕژانی ئەستێران،
له گەمەی کۆچکوچەی ڕێگای کاکێشان،
برووسکەی گلۆپی کۆلارەی بن ئاسمان،
چاوشلکێی ئەستێرەی گەلاوێژ،
لەمدوی غوباری شەوانی پێدەشتان،
شاگەشکەت دەکا:

مندالّی ئەم ناوەت.

***

لە ناوەکەمدا: ئەلف و بای پەرچەمی گەنجییەتی؛
هەڵاتن لە قەیدی ماڵەوە،
لە دەنگم.. را...
دە... پسکێن.
بە رێگای شاخەوە،
نیگایەک: لە قەڵا و
قەیسەری و
مەچکۆی هەولێرێ
جێدێڵی.
بە دوا ماڵئاواییەک لەو کێژەی مەکتەبی "کورانێ"،
ئازادی رادەگەیەنێ،
پەڕەندەی ناوەوەی:
گەنجییەتیی ئەم چیایە.

***

لە نیگای ئەم ناوە: هەوری سەر هەنیەی کێوەکان؛
زەنای پێشهاتی شەڕەکان،
هەر هەمووی لە دەنگی عەدەمتا رۆدەچن.
ئەنفالی: ئەستێرەی سەر لووتکان،
حوزنی هەناری باغەکەی "بالیسان"،
سەردوولکەی "کانی تەلانە"،
قڕوسکە سەگی گوندانی باهدینان،
لاوکی بووکێکی ئەمبەرەی زێیەکەی باهدینان
پرتەی تەنیایی چرای ناو ئەشکەوتی بنارێک،
گاگۆڵەی سێبووری "ئیڤان"ی ئێزیدی، (1)
هەژەندێک لە رەنگی ئاڵاوە،
زمانی پەیڤیوی ئەرشیفی:
ئەم چیایە.

***

لە ناومرا: هەوەسی گرتنی ئاسمان؛

قووتدانی زریان؛
ماچکردنی مەمکی کیژە قەرەجان؛
گومانی بێ ولا... تی،
دەزنێ.
سەرمامە و
هەستدەکەم زەمەندێک لە چرپە لەناومە.
شوێنکاتم با...
ر... ا... نی،
نایەکە و
گەواڵەیەک بە مەیل
چرپینی بینایی و
لووتکەی هەڵچوونمی،
گەمارۆ...
داوە.
وێدەچێ سەفەرێک، رووبارێک لە ناویدا بێ:
رامانی ئەم چیایە؟!

***

لە ناومدا: هاڵاوێک لە گڕکان؛
تەرزەیەک لە گومان،
هەر هەمووی لە خەونما ئاڵاون.
خۆڵەمێش بێڕەنگی مەرگ،
فەرامۆشکردنی ژیان نییە،
لە بەردەم دەروازەی سەفەردا:
"هەر جوست و جۆمە و کەچی هەر دەڕۆم و پێناگەم".
لە راڕەوی رێگایەکدا:
"هەر گفتوگۆمە و کەچی هەر دەڵێم و تێناگەم". (2)
لە ناوەکەمدا: هەنگاوێک؛
تەنیاییەک بە تەنیا:
هەنگاوی هەندرێنە.

***

ناوەکەت: رەنگەکان؛
نەواکان،
لە جمەی بێدەنگی قووڕگتا

لە ڕێژنەی نیگای زمانتا
ڕژانت دەژەنن.
لەودەمە ڕەوەزی شاخەکان؛
شوێنکاتی لە دایکبوونت؛
هەبوونی هەنووکەیت
بەناو یەک وەردەبن.
پەلکەزێڕینەی وەسوەسە دەتپۆشێ
بێماڵیت دەپەیڤێ:
زمانی ناوەکەت.

***

لە ناوەکەمدا: ئەسپەکان،
گورگەکان،
لەسەر ڕووخسارمدا بە ڕووی یەک وەستاون؛
لە ڕووخسارمەوە ئەسپەکان سەرهەڵدەگرن و
گورگەکانیش خەونەکان؛ یادەوەرییم دەڕننەوە.
لە ڕامانمدا ئەسپەکان،
بڵێسەی سەر لووتکە و
گەردەلوول لە حیلەیانەوە هەڵدەکا،
شارە ڵاڵەکان بە چاوەکانیان گۆ دەکەن.
گورگەکانیش لەنێوان ددانەکانتەوە
لە ماڵەکەتەوە ڕادەکەن،
بە دەم بە ئاگا هاتنەوەی:
ڕابوونی ناوەکەت.

***

لە ناوەکەمدا: لەنێوان ئێرە؛
ئەوێدا،
شووراییەک لە زەردەواڵەی نامۆیی؛
هەرەسێک لە شۆڕشێکی بێشووناس؛
لوورەی گەن...
دەڵێی،
لێرەشدا لە ناختا ئاڵاون.
"سەفەری مەحاڵ"ی هەنگاوی ڕووبارمە.
بێماڵیت زمانتە؛

زمانت ماڵەکەی:
بێمالی هەندرێنتە.
لێرەدا!
بە ناولێنانێک لە زاری بارانەوە،
جیاوازییەک — هەندرێنێک لە هانای سێبووری
دەلەرێتەوە.

***

لە ناوەکەمدا: زمانەکەت؛
ناوەکەت،
لە یەکتر ... دەئاڵێن.
یەکایەتییەک لە توانەوە؛
زرینگانەوەیەک لە رۆشنایی
بەرجەستەی ئامادەییەکە:
پەرگیریی ناوەکەت.

***

ناوەکەم: ئەو منە؛
تابلۆیەک لە دڕدۆنگی،
داهاتووی بێماڵیت دەکێشێتەوە.
تەنیاییەک لەژێر پێڵوی دڕەختێکدا کپبووە.
مینا دەریاچەیەکی پەیڤیو،
لەسەر رووخساریدا
وێنایەک لە جیهانی ناوەکی ناوەکەم دەکێشێتەوە:
ئەم منە.

***

لە ناو ناومدا: شەڕەکان؛
ئەنفالی رەنگینی گوندەکان،
هەر هەموو نەخشاون.
ئەمێستاش چیایەکان، وەک سارا وەستاون:
لە ماڵی ناوتا.

***

لەناو ناوەکەمڕ: سووتان؛

بۆنكرووزی تەرمەکان؛
شۆڕشێکی چەقیوی ناو بازنەی ئاگرێک— دووپشکێک،
لە قووڕگم ئالاون.
ئێواران— لێرەدا
بەرەو زەریایەک ڕێدەکەم.
بێ بنی گفتوگۆی شەپۆڵ و هاژەی نادیاری،
تەنیایی ناوەکەم:
مەسدەکا.

***

لە ناوەکەمدا: ئەشکەوتی خەونەکان؛
قاسپەی کەوێکی تاقانە،
وڕێنەی دیرۆکێکی هەڵبزڕکاو،
بۆ کیژە بیانییەکان دەگێڕێتەوە.
بە بزەیەک لە شەهوەت،
پێم دەڵێن:
بە نامەکانی"مارکۆسی مەکسیکی" دەچێ،
سەرهاتی هەنگوینی:
ئەم چیایە.

***

لە ناوەکەمدا: تەرمی دیرۆکان؛
پەیکەری کۆڕەوان،
دەمنادەم لە ناخما دەڕفێن.
لە بزۆکی شارەکان،
شاعیری تاراوگەت پێدەڵێن،
لەوێشدا هاوڕییە دوورەکان،
ژنانی سەرکۆڵان، پێتدەڵێن:
ئەیەرۆ،
"چەند ساڵە لەوێت و
بێ پارە و بێ خانوویت".
دەبینی: بارانێک بێ ئەوەی بمناسێ،
لە ناوما دادەکا؟
هەوەسی بازنەیی بارەکان
وڕێنەی مەکینەی تۆڕەکان

دڵڕقی تەماشای ترافیک،
وەک هەنگێکی لە شانە هەڵبڕاو،
رووم لە دارستانێکە،
تا پڕ بێ لە هێوری مێروولان:
دڵی ئەم منە.

***

ناوەکەم: بە بێدەنگیت؛
بە دەنگی بێدەنگی،
مەستی دەچێژێ.
بایەکی قژ لوولی— مەکراوی، لە هیکرا
دەبێتە کەشتیی ئاگاییم.
دەتبیستم،
دەنگی تۆ وەکی مەستی و بێدەنگییە:
لە ناوی ناومدا.

***

ناوەکەم: بێدەنگی ناوتە؛
تامی چێژتە،
وا مەکە خامۆش بێ!
پێبکەنە و
تێرم کە لە دەنگت.
پێکەنینت، وەک کانی،
بەناو هەرێزی دارستانە وشکەکەی
دڵی من وەردەبێ.
چەند تەڕە بناری:
ئەم چیایە؟

***

لە ناوەکەمدا: حیلەی ئەسپە گلاوەکان؛
سەنگەرە دیلەکان،
هەر هەمووی بێدار دەبنەوە.
لە گەرمەی مەستییەکاندا،
لە کانگای بێدەنگییەکاندا
دەنگی تۆ نەبێ،

چیتری نییە سەروەریی ناوەوەی:
ئەم چیایە!

***

لە ناوەکەمدا: هەڕەتی هەندەران؛
کوکووختیی بێدەنگی منداڵی،
هەر هەمووی بەناو کانیاوی زماندا هەڵدەقووڵێن.
دەریاچەیەک لە دڵتا
مەسییەکان لە دەنگتا
روحی خۆی بە نیلۆفەڕ،
دەنێژێ ئەم کوڕە.
ئاوێنەی تاراوگە: گمەی منداڵی،
جمەی گەنجییەتی؛
شکۆی پشمەرگایەتی؛
پەنهانی کۆچەری؛
کیژانی مامزی تاراوگە؛
چرپەی بارانی هەبوونی هەنووکەیی:
لێدەڕژێ.
شەپۆڵی نەورەسی دوورگەی یادەکان،
بێ... ماڵی؛
بێ... وڵاتی:
دەبێژن ئێواران.
بۆنی نامەکان لە هەنەسەتا،
شیلەی ئەڤینی ژنێتی:
رووخسارت دەپۆشن.
تاراوگەش ئێواران،
بە رووتی بە رەنگی نارنجیی؛ هەنگوینی لەشییەوە:
بێدەنگی دارستان،
مەستدەکا.

لەسەر جۆلانەی کەڤرێکا،
ئێستایەک لە سمۆرە،
هەرمێیەک دەخوا:
لە کۆشی ئەم چیایە.

(1) ئیڤان، کچێکی منداڵی ئێزیدی بوو، لە ئەنفالی باهدیناندا، لەسەر زێی بادینان، لەنێوان دەڤەری بارزان و گەلی باڵندەدا، کاتێک دایک و باوکی بە گەمییەک لە زێیەکە دەپەڕنەوە، شاڵاوی سەربازەکان دەگەنە سەر زێ و ئەویش لە دایک و باوکی دەتارێ، ئێمەش مەفرەزەیەک پێشمەرگە بوون کە شەو بە دۆڵی ئەو چیایەی بەرانبەر بارزان بەرەو زێیەکە شۆڕدەبووینەوە، (ئیڤان)ی چکۆڵەش بە تەنیا وەک سمۆرەیەک بەو چیایە هەڵدەزنا. دواجار (ئیڤان) لەگەڵ ئێمە مایەوە. کاتێک مەفرەزەکەمان لەسەر چیای خواکورک، ئیڤان بە جاشەکان دەسپێرن تاکو بیگەیننە کەسوکاری، ئیڤانیش رازی نەبوو لەگەڵ جاشەکان بڕوات، لە کۆتاییدا بە گریانەوە جاشەکان لەگەڵ خۆیان بردیان. ئیڤان لە تەواوی ئەو ماوەیە لەگەڵماندا بوو، وەک شێرە ژنێک سەرهاتی خۆی دەگێڕایەوە و شەوانە وەک ئێمە بێدەنگ دەبوو نەوەک بۆ جاشگەل و سەربازگەلی رژێمی ئەنفال ئاشکرا بین. لێرەدا "ئیڤان" چڕکردنەوەی یادی دیمەنە برینارییەکانی ئەنفال دەنوێنێ.

(2) هەردوو دێر هی مەحویی تۆقەڵەن.

